سەماحەتی حەکیم .. بەردەوامی سەقامگیری عێراق لە بەرژەوەندی ناوچەکە و هەموو جیهانە



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز گلین ماینز باڵیۆزی ئوسترالیا لە عێراق کرد، لەم دیدارە باسی پێشهاتەکانی دەخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و پێوەندی دوو قۆڵی نێوان عێراق و ئوسترالیا و پێشهاتەکانی غەزە کرا، سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە پتەوکردنی پێوەندییەکانی دوو قۆڵی و بەرهەنان و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات گرنگە، هەروەها ئەکتیڤکردنی کەرتی کشتوکاڵی لە عێراق گرنگی تایبەتی هەیە، گوتیشی پێویستە ئەو کەرتە گرنگە پاڵپشتی بکرێت و سوود لە ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتوەکانی ئەم بوارە وەربگیرێت کە ئوسترالیا یەکێکە لەوانە و بەپێویستی زانی کە باشترین ڕێگا بە بەدەستهێنانی ئاو پێیەوە بکرێت.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پاراستنی سەقامگیری عێراق و گوتیشی ئەو گرنگە بە بەرژەوەندی سەقامگیری ناوچەکە و هەموو جیهان، ئاماژەشی کرد کە بنەماکانی ئەو سەقامگیرییە خێی لە پێشهاتە ئەرێنییەکان لە ڕووی سیاسی و کەمەڵایەتی و ئەمنی دەبینیتەوە.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە پاڵپشتی حکومەت دەکات لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومی لە دابین کردنی خزمەتگوزاری و دابین کردنی هێلی کار و باشکردنی دەخی لاوان و پاڵپشتی کردنیان، هەروەها دووپاتی کردەوە کە پاڵپشتی پلانەکانی گەشەسەندنی ئاستی دانیشتوان دەکات و گوتیشی عێراق هێلی بەنرخی هەیە بۆیە پێویستە سەقامگیری بەردەوام بێت و بە سەقامگیرییەکی بەردەوام بگەڕێت.
سەماحەتی جەختی لەسەر کەتایی پێ هێنانی قەیرانی غەزە کردەوە، لەگەڵ پێویستی وەستاندنی کەمەکوژی و جینوساید کە گەلی فەلەستینی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەڕێگەی بەرپرسیارێتی خستە سەر کەمەگەی نێو دەوڵەتی بە کەتایی پێ هێنانی قەیرانی مرۆیی و کاردانەوەی لەسەر داماننی بەهاکان گوتیشی هەموو بە دەنگ دەبن کاتێك کوشتن و وێرانکردن ڕۆژانە لەلایەن قەوارەی زایۆنی دژی فەلەستینییەکان ئەنجام دەدرێت.